# کۆمەڵایەتی







سایقی ماتۆڕەکەمان لەبەر گرانی بەنزین بە پاسکیلێکی سێ تاییەوە هات بۆلامان و هەواڵێکی سەیرو سەمەرەی لەلابوو، وتی: لەلایەن سەرپەرشتیاری گشتی مۆلیدە ئەهلییەکانەوە بە تەلەفۆن ئاگاداری هەموو خاوەن مۆلیدەکانی شاری هەولێرو دەوروبەری کراوە، گوایە بە بڕیاری حکومەت، لە کاتژمێر یەکی نیوەشەو بەدواوە غەسپە لەسەر چاوتان مۆلیدەکانتان بکوژێننەوەو بە هیچ کولۆجێک بۆتان نییە کارەبا بدەن بە هاوڵاتیان. جا ئیتر نازانم حکومەت ئاگای لەم کەین و بەینە هەیە؟ یاخود برادەران لە عومقی گیرفانی خۆیانەوە ئەم بڕیارە نەشمیلانەیەمان بەسەردا دەسەپێنن؟یاخود سایەق مایزرەکان لەبێ هەواڵیدا ئەم بوختانەی بۆ ئێمە هێناوە؟!

## مەلەوانی و ڕۆژنامەوانی

ئاوێنە/ نەسریە هەیەوبۆمان خەرجناکەن.
گەپ: ئەم ماستە موویەکی تیایە!
هەفتانە/ فتوا نوێیەکان ڕێگە بەژن دەدەن ببێتە ئەمیر!
گەپ: کەواتە هێزەکانی ئەمریکا ناکشێنەوە..
ڕێگای ئازادی/ خەونی نیو عوسمانیزم
گەپ: بە ئەردوغانیزم دەیگێڕنەوە..
هاووڵاتی/ کچان دڵنیانین لە فرۆشیارانی شامپۆ.
گەپ: هەر شامپۆکەیان باش بێت، خۆیان هیچیان پێ ناکرێ..
چاودێر/ هاوڵاتیان بەدوای کەفیلدا ڕادەکەن
گەپ: ئەی کێ ئەبێ بەکەفیلیان؟!..
ڕووداو/ قەڵەوی دوای هاوسەرگیری..
گەپ:یەک قەرزکردنێک وەک خۆی لێ دەکاتەوە..
هەولێر/ سعوودییەکان بەنیازی دروستکردنی بەرزترین هەوربڕی جیهانن..
گەپ: دیارە دەیانەوێت لەوێ ژنەکانیان سایقی بکەن..!
باس/ هەوڵی پەکخستنی پرۆژەی چاکسازی دەدرێت.
گەپ: ئەوە چۆنت زانی؟!
میدیا/ داکۆکیکارانی یاسا لە کفری ڕووبەڕووی یاسا دەبنەوە.
گەپ: ئەمەیە نمەک بەحەرامی..!!
ڕۆژنامە/ گومان لە داخستنی سەنتەرەکانی مەساج دەکرێت.
گەپ: لەوانەیە خەتای ماچ بێت!!
گوڵان/ باشترین شلە کە ڕۆژووی پێ بشکێنیت.
گەپ:خورما.
کۆمەڵ/ حزب و کۆمەڵەو ڕێکخراوە ئیسلامییەکان زەکاتیان پێ دەشێت
گەپ: کە وەریانگرت دەیدەن بەسیلاح!!
سقیل/ باوک و کور لە ڕۆژی گواستنەوەی کچ و خوشکەکانیان ماڵەوە چۆڵ دەکەن.
گەپ: هەتا حەفلەکەی خۆشتربێت!!
ئاڵای ئازادی/ خەڵک لەدابەشکردنی خۆراکی مانگی ڕەمەزان نارازین.
گەپ: دیارە ئاوی لەگەڵ نییە..!
کوردستانی نوێ/ لە خراپەوە بۆ خراپتر
گەپ: خراپ نییە..
وەڵا پرێس/ کاتێ ڕۆشنبیر خۆی دەداتە بەرخۆر
گەپ: بە سەعاتێ وشک ئەبێتەوە.

# کۆمەڵایەتی

سەردەمی
فەیسبووک و
ئەنتەرنێت..

بابان
سلێمانی













## نوکتەی سەفەری

* کابرایەک دوعا ئەکات و ئەڵێ: خوایە گیان پارەیەکی ئەوەندە زۆرم بخەیتە بەر دەست بێزاربم لە ژماردنیان،خوای گەورەش دوعاکەی قبوڵ ئەکات و ئەیکات بە مۆزەفی بانق!



ڕۆستەم زادە
- خامۆ -



بۆچوون

نووسینی:
عەبەسی فاق

ئیمساک

# تەحلیلات و تەفسیرات و تەنزیلات

**تەحلیلی سیاسی:**

ئیمساک و خۆگرتنەوەو دەست هەڵگرتن لە هەموو نازو نیعمەتێکی دنیا، لەڕوی سیاسیەوە زۆر زەحمەتەو هیچ جۆرە بانگ و سەلایەک شمولی سیاسیەکان ناکات، بۆنمونە: ئەگەر وەزیرێکی نەشیاو بنێردێت بۆ وەزارەتێکی چەور، بە ئارەزوی دڵی خۆی گیرفان و جانتاو چەکمەج و پزووی پانتۆڵەکەی لێپڕدەکاو کەسیش ناوێرێ بڵێ: ئیمساک!!

**تەحلیلی کۆمەڵایەتی:**

زۆر شت هەیە لەڕوی کۆمەڵایەتیەوە پێویستە ئیمساکی لێبکرێت و حەددو حودودێکی بۆ دابنرێت، ئەگەر پێمان وابێ ئیمساک تەنها بۆ ئیستۆپگرتنە لە خواردن و خواردنەوە، ئەوا بەهەڵەدا چوین، باشتر وایە دوکاندارەکان دەست لە قۆڵبرینی مشتەری و سوێندخواردنی درۆ هەڵگرن!!

**تەحلیلی ئابووری:**

ئیمساک لەڕوی ئابورییەوە فەرق و جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ ئیمساکی سیاسی و ئیمساکی کۆمەڵایەتی، چونکە ئەوانیتر لە ئەنجامی پڕکردن و بەزۆر تێئاخنینەوە پێویستیان بە ئیمساک هەیە، وەلێ ئەمیتریان لە نەتیجەی بەهەدەردانی پارەو بەربومی نەزیفی دۆلارەوە ئەشێ گلۆپی سوری بۆ هەڵکەین!!



## هەر لۆ فشەی

### شێخە فشە

ئەوێ ڕۆژێ لەگەرلرادەرەکی خۆشەویست (ئەحە سلێمانی) گۆتمان هەر بێ ئیشین بێ ئیشین، با هەرلۆفشەی خۆمان فەحص بکەین، کە چووین (ئەحەی بەستەزمان) نەخۆشی دری هەبوو، منیش شەکرەکەم گەیشتبوە (٥٥٠) ی بەرەو سەرەوە، دختۆر هەرلۆفشەی پێی گۆتم، شێخە من وامزانی ئەتو دنیات بە فشەی بردیتە سەرێ، بەس دیارە وەنیە؟ پێم نارێی خەم لەچ دەخۆی؟ نەخۆشیەکەی توو، هۆیەکەی تەنها خەم خواردن و فکرکردنەوەیە نەک پاقلاوەو بورمە خواردن.

گۆتم: دختۆر خەم لۆمن نەبی لۆکێ باشە، خەم نە یەکە نە دوو، هەر وادەکەی ئێران و تورکیا تۆپ بارانمان دەکەن، ئەمەش لێرە، دیعایەی لۆ ماست و پەنیری تورکی و ئێرانی دەکەین!! ئەو هەموو مجلەو کتابە هەیە، کەس ناخوێنیتەوە، هەتا نیوەی شەوێ خەڵک لە پارک و بازاڕەکان دەسوڕێتەوە وەزعەکەشی بەدرنیە،

بەخۆمان کارەبامان گەلە زۆرە بەشی موصلی لێ دەدەن!! ئەوان کوردەکانی جەلەولاو سەعدیەو خانەقین دەردەکەن، ئەمەش لێرە خانوویان بەناو دەکەین، زمانی کوردی پەراوێز دەخرێ هەرلۆفشەی بە هەموو زمانەکی دەنوسن بەکوردی نەبی، خەڵک سەرمان دەبڕن، ئەمەش باوەشیان بۆ دەکەینەوە، ئەوان هەرلۆفشەی شەو ڕۆژ خەریکی پلان دانانن دژی ئێمە، بەسەرمان نەبی بە هیچی دیکە ڕازی نابن، ئەمەش دەمانەوێ دریان ڕازی کەین. دختۆر توخوا ناهەقمە یانا، دختۆر سەرەکی باداو هەرلۆفشەی گۆتی: ئەگەر وەهابی شەکرەت هەتا ٧٠٠- ٨٠٠ تیش بچی هێشتا هەر هیچ نییە!!



## بۆچوون

### مۆبایلە شیعر

**بلەنزکیا**

فاتە توسەری باوکت
کەم لێم بگرە بەهانە
جوابی نامەم بەرەوە
خاتری ئەم ڕەمەزانە
بێ حەواس و نەخۆشم
تۆش مەمکوژە بتانە
دەستەڵاتی من چییە
لەحدود تۆپ بارانە
ئەی بۆ حکومەت ناڵێی
تۆپێک بگرێتە ئەمانە

سنووریان کوڵاند بەتۆپ
لەشار گەعدە و سەیرانە
وەختە دڵم شەق بەرێ
لەداغ دەورو زەمانە
ئێمە نەوتیان ئەدەینێ
ئەو نمەک حەرامانە
ئەم شەو بۆ جێژوانت
دڵم بۆت پەرێشانە
ئەگەر نەمرم دێم بۆلات
ئابە و تۆپی ئێرانە

# به ئاوەژوویی ڕاســـــته



نەجات حەمید
هەولێر

دامەزراندنی کۆمەڵەوسەنتەر وەکو کردنەوەی دوکانێک وایە و لە چاندنی توور ئاسانترە، پەیرەوو پرۆگرامێکی کۆپی کراو،بە جۆرێک بەندەکانی سەرجەمی ئەو سەنتەرانە خزم وئامۆزای یەکن ولە زۆر خاڵدا کۆکن ونەیار نین،،مۆڵەتێکی حکومەت،گرتنی خانوویێکی شیک .کڕینی کەل وپەلی مۆدێرن،وای لێ هاتووە نە ناوو نە گرفت ونە بەڵای دنیا ماوە سەنتەرێکی بە ناوەوە نەبێ،لێرەدا هەندێک بیرۆکەی خۆڕایی بۆ ئەوانە دەنووسمەوە کە دەیانەوێ سەنتەری نوێ دامەزرێنن وئەم ناونیشان و وەزیفە ئاسانانە پێشنیار دەکەم:

- سەنتەری کۆلیسترۆڵی بێ سنوور:ئەم سەنتەرە بایەخ بەو کەسانە بدات دەمارەکانی لەشیان لە درۆو ساختەو تەڵەکەبازی مەییوەو خوێنی پاک ناتوانێ بە ناویدا بڕوات!

- کۆمەڵەی ڕاگەیاندنکارانی بێ قەرار: بایەخ بەو ڕاگەیاندنکارانە بدات،کاسەی سەریان بەقەد کاسەی گیرفانیانە،شوێنی هەموو شتێێکی تێدا دەبێتەوە تەنها خەڵکی لێقەوماو نەبێ!

- سەنتەری برۆ بۆ لە ناوبردنی درۆ: بایەخ بەو کەسانە بدات کە ئەگەر ڕۆژی درۆیەک نەکەن لە دڵی خۆیاندا دەڵێن: ڕۆژەکەمان بە فیڕۆ ڕۆیی ئەم دەوامە سبەینان وئێواران وشەوانیش بەردەوامە!

- کۆمەڵەی ماتۆڕ سوارانی کوردستان:بایەخ بەو دیاردەیە بدات بۆچی ماتۆڕ لە سەر حسێبی پایسکل زۆر بوەو شۆفێرەکانی بە کونی دەرزیدا دەچن وماتۆڕەکانیان کردۆتە تۆمارگەیەکی گەڕۆک. بە هۆی دووکەڵی زۆرەوە کاری تیمی لە ناوبردنی مێش ومەگەزیان نەهێشتووە!

- سەنتەری کۆنە خوازانی بێ پەردە، بایەخ بەو کەسانە بدات زۆر لە تازە کردنەوەی شارو ژیان دەترسن، زۆریش حەز بە کەلاوەو خشتی قوڕو قەرسیل دەکەن،بە جۆرێک شارێک بە خشتێک ناگۆڕنەوە،

- کۆمەڵەی نوکتە بازانی شار، بە نوکتە بایەخ بە چارەسەرکردنی ئەو کەسایەتیانە بدات،کە لە سەر قسەو شتێکی سادە،سەلیەو چەقۆی دەستیان لە ئامادەباشیدایە، دەڵێی جەستەیان لە ڕوحی بیبەر دروست کراوە!

- کۆمەڵەی کەسایەتیی بێ سنوور:بایەخ بەو کەسانە بدات کە لە ڕۆژێکدا دەتوانن دەیان جار ڕووی خۆیان بگۆڕن بەرامبەر هەر کەس ولایەن ومەسەلەو باوەڕێک و ببنە کەسێکی تر،،بە جۆرێک ڕۆژێک برادەرێک لە مەجلیسێک دەیگوت: ناوێرم مەجلیسەکە جێ بێڵم و بڕۆمەوە، چونکە دەزانم هەر هەستام بە مشار دەمبڕنەوە!

- سەنتەری باوەڕ بۆ کوڵاندنی ساوەر:بایەخ بەو کەسانە بدات بۆچی کیلۆی ساوەر بۆتە هەزار دینار؟ بەڵام لە سەر جادە تاکو ئەمڕۆ بە مەنجەڵی مەنجەنیق ساوەر دەکوڵێنن و لە گەڵ خۆیاندا سێ چوار گەڕەک بە دووکەڵ دەڕازێننەوە.

## عال گۆرانی




سەرێ هەڵبڕەو خوای خۆت بناسە
خاڵم خریجەو ئێستا کەناسە
ئای نازیلێ باوانم مامزی دەشتی گەرمێنێ
لەشایی و زەماوەندا ڕومانە ئەتەقێنێ
ئابێنە گوڵ ئابێنە ئەو گەردنە زەردەت بێنە
توجار ڕاکە جەژن هات لە صین ترقە بێنە
تۆگوڵ نەبووی بۆ وەگوڵ خۆت نیشاندام
بەبەرچاوی پۆلیسەوە زۆریان لێدام
لە کۆڵانی تەنگەبەر شان مەدە لەشانم
حوکمەت، خواردنی بەسەر چوو گەدەی هەڵوەشانم
ئەچم خوازبێنی یارم زۆر سەلارو نەجیبە
مامم وا لەو ئەورووپاو کەچی لێرەش نەقیبە
تازە یارێکم گرتوە بەڵام زۆر فرەزانە
هەتا دوێنی فیرعەون بوو ئەمڕۆ شێری ڕەمەزانە
ئەواهات و ئەواهات نەرمێ ڕۆحم بەفیدات
ئەو بیکەیسیەم بۆ بێنە وا سەیارەی زبڵ هات
موبارەک لەبوکێ زاوا زێڕینە
حوکمەت قەرەبووم کە بۆ ئەم خۆڵ بارینە.